# گفتوگۆی دەنگەکان لەگەڵ بەڕێز ئیبراهیم عەلی زادە

ڕزگار عومەر :- هاوڕێ ئیبراهیم ، ڕەنگە لە باری مێژووییەوە ، لە دووای جەنگی دووەمی جیهانیەوە ، دونیاو ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاست ئەم هەموو حزوورەی میلیتاریزمی بە خۆوە نەبینیبێ ، لە شەڕی 1991وە تا ئێستا ئێمە شاهێدی زۆر کردنی زیاتری ئەم حزوورەین ، لە دوای ڕووخانی ڕژێمی عێراقیشەوە ، میدیاو چاودێرە سیاسیەکان بۆ پڕۆژەی ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاست قسە لە سەر زنجیرە ڕووخانێکی تر دەکەن بۆ ڕژێمەکانی ناوچەکە، ئایا تۆ بە لە بەرچاو گرتنی حزووری ئەم میلتاریسمە پێت وایە شەڕی تریش بە ڕێوەیە ؟

ئیبراهیم عەلیزادە :- بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستە توزێ بگەرێینە دواوە. رووخانی یەکیتی سوڤیەت لە سەرەتای دەیەی 90ی زایینی سەدەی پێشوو، بوو بە هۆی ئەوەی کە دەولەتی ئامریکا وەکو یەکێك لە دوو زل هێزی ئەو سەردەم لە ئاستی جیهان دا، هەل و مەرجێکی وەهای بۆ بخوڵقێ کە بتوانی داوای سەرکردایەتی تاقانەی جیهان بۆ خۆی بکات. بە پێی ئەو هەل و مەرجە نوێیە، ستراتێژێکی نوێ دارێژرا و ناوی لێ نرا "نەزمی نوێی جیهان". ئەمریکا بۆ ماوەی 10 ساڵ بە پێی ئەو ستراتێژە هەلس و کەوتی کرد کە هەمووان لە گەل رووداوەکان و لە گەڵ ئاکامەکانی ئاشنان. بەلاّم لەم 10 ساڵەدا نەك هەر " نەزمی نوێی جیهانی" سەقامگیر نەبوو، بەڵکوو بێ نەزمێیەکی نوێ هاتە ئاراوە. ناوچە ئاڵۆزکاوەکانی جیهان هەروا لە بێ نەزمیدا ماونەوە، کێشەکان لە ژێر رێبەرایەتی ئەمریکادا نەك هەر چارەسەر نەکران بەڵکوو ئاڵۆزتر و قووڵتریش بوونەوە. بەرانبەر بە هێژەمونی خوازی ئەمریکا نەك هەر دەسەلاتە گەورەکانی جیهان وەکوو ئەورووپا و چین و روسیا تەسلیم نەبوون و ستراتێژی سەربەخۆی خۆیان بەرێوە برد، بەڵکوو تەنانەت لە وڵاتانی ناسراو بە دونیای سێهەمیش دا دەولەتانی "سەرەڕۆ" سەریان هەڵدا.

ئەم هەل و مەرجە زەمینەکانی گۆرانکاریەکی نوێیان لە سیاسەتی ئەمریکادا خوڵقاند و کۆماری خوازەکانی ئەمریکا ئەم بیرۆکەیان هێنایە گۆڕێ کە بۆ دەستەمۆ کردنی دەوڵەتانی سەرەڕۆ، بۆ سەقامگیر کردنی نەزمێکی نوێ بە سەر جیهان دا، دەولەتی ئەمریکا پێویستە سیاسەتێکی پەلامار دەرانەتری (تعرضی) هەبێ. ئەگەر لەبیرتان بێ ئەو سیاسەتە بەشێك بوو لە پرۆپاگەندەی تەبلیغاتی کۆماری خوازەکان لە دەورەی یەکەمی هاتنە سەرکاری بوشی کوڕدا. هەڵبەت دەزانین کە ئەو ستراتێژە هەمیشە بە بەهاراتی دێموکراسی و ماڤی مرۆڤ و پەرەپێدانی شارستانیەت و هیتر، ئەرازاوە.

گرینگ ئەوەیە کە ئەمریکا ئەوەی لێ حالی بوو کە هەتا ماوەی بەدەستەوە ماوە، پێویستە توانای نیزامی خۆی بۆ ناچار کردنی رەقیبەکانی بە سەلماندنی دەسەلاّتی ئەمریکا لە سەر جیهان دا، بەکار بێنێ. رووداوی 11ی سێبتامبری 2001 لە نیویورك پارمەتی کۆماری خوازەکانیدا کە ئەو سیاسەتەی خۆیان لە ژێر کاریگەری فەزایەکی عاتێفی کە بە بۆنەی ئەو رووداوەوە لە ناو بیرو رای گشتی جیهان دا پێك هاتبوو وە هەروەها کەش و هەوایەکی پڕ لە ترس و نیگەرانی لە تێروریزم کە زۆربەی خەڵکی ئەمریکای داگرتبوو، ئاسان تر و خێراتر بەرەو پێش بەرێ. مێلیتاریزم ئامرازێك بوو بۆ دابین کردنی سەرکردایەتی ئامریکا بە سەر جیهان دا. شەرئەنگیزیەکی بە بێ ئامانجی دیاریکراو نەبوو بەڵکوو ستراتێژێك بوو بۆ بە یەك جەمسەری کردنی جیهان. بە بڕوای من شەڕی عێراق و روخاندنی رژێمی سەدام، گرینگ ترین وە لەوانەیە دوایین گۆڕەپانی خۆ تاقیکردنەوەی ئەمریکا بۆ بە دەست هێنانی ئەو جێگا و شوێنە بێ.

دونیای دوای رووخانی یەکیتی سۆڤیەت ئەمرۆکە لە روی هاوسەنگی هێزەکانەوە بەرەو بە چەند جەمسەری بوون دەڕوات. هیچ پرۆژەیەکی یەك لایەنە سەر ناکەوێ. ناوەندەکانیتری دەسەلأت دەیانهەوێ بە قەدەر هێز و توانای خۆیان لە ئابووری و سیاسەتی دونیادا دەور ببینن، ئەمە ئەو واقێعیەتەیە کە وادەردەکەوێ کۆماری خوازەکانیش خەریکن وردە وردە لێی تێدەگەن و هەر بەو پێیە من لام وایە دەورەی دووهەمی دەسەلاتی بووش بە پێچەوانەی هەڕەشە و گوڕەشەکانی سازیشی زۆرتر و شەری کەمتری تێیدا دەبێ و مەترسی بەرپا بوونی شەرێکی دیکە هاوشێوەی شەری عێراق و هاوشێوەی سیناریوی عێراق گەلێك کەم بوەتەوە و بەردەوام کەمتریش دەبێتەوە. ئەمریکا خەیالی دووپات کردنەوەی سیناریوی عێراقی لە هیچ کام لە ولاتەکانیتری رۆژهەلاتی ناوەراست دا نییە، نەك لەبەر ئەوەی کە گۆیا خەسڵەتی شەرئەنگیزی خۆی وەکوو دەوڵەتێکی ئەمپریالیستی لە دەست دا بێ یان هەموو ئامانجەکانی لەو ناوچەیەدا بەدی هاتبێ، بەلکوو لەبەر ئەوەی کە ئەو نمایشی هێز و توانا نیزامیە لەو قوناغەدا دەوری خوی نواندوە و ئیتر لەوە زیاتر پێویست بە دووپات بونەوە ناکات و بۆ دووپات بونەوەی پیویستی بە نیازێکی مادی تازەتر هەیە.

وەکوو ماجراجویی و هەلەکاریکی دیاری کراویش بەرپا کردنی وەها شەریکیتر لە لایەن دەستی راستیەکان و نیزامیەکانیش هەر بە دوور دەزانم. چونکە ئەو گیرو گرفتانەی کە لە عێراق بۆ ئەمریکا پێك هاتوون هەتا ئێرەش بیرو رای گشتی لە ئەمریکا گەلێك سەخڵەت کردووە. بۆ خەڵکی ئەمریکا تەحەمولی ئەوە ئاسان نییە کە بەردەوام هەواڵی کوژران و بریندار بوونی رۆڵەکانیان بۆ بچێتەوە. رازی کردنی بیروڕای ئەمریکا بە شەرێکی دیکە لە رۆژهەلاتی ناوەراست بۆ نئولیبرالەکانی کۆشکی سپی کارێکی ئاسان نییە.

ئەوەی کە بۆ پەلاماری دیکەی ئەمریکا نێودێر کراوە سوریایە. ئەو پرۆپاگەندەیە زۆرتر لە ژێر کاریگەری لۆبی ئیسرائیل لە ئامریکادایە و ئەساسەن بۆ ئەوەیە کە سوریە لاواز بێ، بڕوا بە خۆی لە دەست بدات و وەها بترسێ کە دەست لە بەرزاییەکانی(جۆلان) هەڵبگرێ و بە بێ هیچ مەرجیك بە کەمپی ئاشتی لە گەل ئیسرائیل پیوەست بێ.

رزگار عومەر :- وەك لە پێشدا ئیشارەم پێدا حزوورێکی گەورەی میلتاریزم هەیە لە ناوچەکە ، ئەم حزورەش بەشە سەرەکیەکەی بریتیی یە لە سوپای ئەمریکا . لە ئەدەبیاتی چەپ لە جیهاندا قسە لەسەر پێویستیە ئیمپریالیەکانی ئەمریکا دەکرێ کە وای لێ دەکا بەم قەبارەیەو بەم نوعیەتە سوپاکەی بنێرێ ، ئایا بە رای تۆ ئەمە نیشانەی تاك رەوی و بالا دەست بوونی واقیعی ئەمریکایە بە سەر دونیادا ، یان پەلە قاژەی ئەوە بۆ خۆ حازر کردن و نەخشاندنی قورسایەکی گەورەترە لە دونیایەکی تری بلۆك بەندی فرە قوتبیدا ، کە لە پرۆسەی دەرکەوتنێکی عەمەلیدایە ؟

ئیبراهیم عەلیزادە :- کاتێك کە هاوسەنگی واقێعی هێزەکان ئەو راستییەی بە ئەمریکا سەلماند کە ناتوانێ زیاتر لە قەبارەی دەسەلاتی خۆی جێگا و شوێنێکی بەرزتر لە جیهان دا بە دەست بێنی، لە راستیدا تەنیا یەك سەنگەر پاشەکشەی کردووە و ئەوە بە مانای ئەوە نییە کە زەواڵ و توانەوەی هەنگاو بە هەنگاوی لەوە زیاتری خۆشی بە هاسانی تەحەمول دەکات و مەترسی شەرئەنگیزی ئەمریکا ئیتر بۆ هەتا هەتایە لە سەر خەڵکی دونیا لا دەچێ. تایبەتمەندی ئەو دەیەیە لە چاو دەیەی پێشوو بو ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەوەدایە کە خەریکە بەو قەناعەتە دەگات کە دونیای چەند جەمسەری واقعیەتیکە و چی لە گەڵ ناکرێ و ریزبەستنێکی نوێ خەریکە شکڵ دەگرێ . ئەوجار هەوڵ ئەدات لەو ناوەدا جێگا و شوێنێکی باشتر بە قەدەر هێز و توانا واقعیەکانی بۆ خۆی دەستەبەر بکات. بێ گومان مەترسی شەڕ هەر دەمینێ بەلأم جۆری شەرەکان و زەمان و مەکانیان جیاواز دەبێ. رووداوەکانی داهاتوو دووپات بونەوەی ساکاری سیناریوەکانی رابوردوو نابن. هەر بویە هێشتا زووە کە قسە لە زەوالی "ئیمپراتوری ئەمریکا" بکەین. بەلأم بێ گومان ئەو جێگا و شوێنەی کە بە دەستی دێنی هەر ئەوە نابێ کە لە سالأنی سەرەتای دوای کوتایی شەری سارد دا بۆ خوێ دانابوو.

سەرەڕای هەموو ئەمانە لەبیرمان نەچێ کە ئێمە باسی کێشمەکێشی دەسەڵاتەکانی ناو بەرەی سەرمایەداری جیهانیدا دەکەین. بەڵام مێژووی خەباتی چینایەتی ئەوومان پێ دەڵێ کە کێشەکان بە تەنیا لەو مەیدانەدا نابڕینەوە، لایەنێکی سێهەمیش هەیە کە هەر ئیستا بە کردەوە لە کایەدایە و زەختێکی بەهێزە بە سەر سەرمایەداری جیهانییەوە. ئەو لایەنەش بریتییە لە بەرەی ئینسانی خوازیاری ئازادی و یەکسانی و سوسیالیزم، بەرەی خەباتی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش. ئەمرۆکە ئێمە دەتوانین لە سەر خاڵە لاوازەکانی ئەم بەرەیە قسە بکەین بەڵام ناکرێ نەیبینین. ئەوە هەر ئەو لایەنەیە کە بە تەنیا لە یەك رۆژدا زیاتر لە پانزدە ملیون ئینسانی لە دژی شەری ئەمریکا لە عێراق لە هەموو شوێنەکانی دونیا هێنا سەر شەقام. ئەم لایەنە پرژ و بڵاوە، مەیل و بۆچونی جیاوازی تێدایە بەلام لە دواکەوتوترین ولاتی سەرمایەداری هەتا پیشکەوتوترینیان دا واقعیەتیکی حاشاهەڵنەگرە کە هێز و توانایەکانی دەتوانی بە ئاشکرا لە هەڵس و کەوتەکانی نەیارانیدا ببینیٚ کە قەت لە حیساباتی خۆیان، لە دارشتنی سیاست و ستراتیژیان دا، دەری ناهاوێن.

رزگار عومەر :- جۆرج بۆش ئەروا بۆ هەر شوێنێکی ئەم جیهانە ، بە نارەزایەتی و خۆپیشاندن دژ بە هاتنی ئەو پێشوازی لێ دەکرێ ، لە چوار ساڵی یەکەمی دەست بە کار بوونی ئەو ، 11 سێپتێمبەر رووی دا ، شەڕ لە گەڵ ئەفغانستان و عێراق دەستی پێ کردوو لە باری عەمەلیەوە هیچ کامێك لەم شەڕانە کۆتایی نەهاتووە ، کەچی لە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا چوار ساڵی تریش دەنگی هێنایەوە ! ئەمە لە حاڵێکدایە هەر لە کۆمەڵگای ئەمریکا بۆ نموونە فلیمێك کە دژ بە دەسەڵاتی جۆرج بۆشە گەورەترین جەماوەری هەیە ، ئەمە لە حاڵێکدایە کە ئەم کۆمەڵگایە دوو حیزبی چەپ و چەندین رێکخراوی تری مارکسیستی لێ بەرهەم هاتووە ، ئەمە لە حالێکدایە کە ئەو کۆمەڵگایە (چومسکی) لێ بەرهەم هاتووەو خۆپیشاندانی گەورەی ئەنتی گلۆباڵیزم لە شاری سیاتڵ بەرپا کردووە ، ئەم تەناقوزاتە لە دەور بینینی کۆمەڵگا لە دیاری کردنی چارەنووسی سیاسی خۆی چۆن لێك ئەدەیتەوە ؟




ئیبراهیم عەلیزادە :- لەم بابەتەوە کۆمەلێك فاکت هەیە کە بۆ وەڵامی پرسیارەکەی ئێوە یارمەتیدەرن.

یەکەم، ئاکامی دەنگدان لە ئەمریکا رەنگ دانەوەی مەیل و بۆچوونی زۆرینەی خەڵکی ئەم ولاتە نیيە. رێژەیەکی گەلێك بەرچاو، زیاتر لە 40 دەرسەد، لەبەر بێ متمانەیی بە دوو حیزبە سەرەکییەکەی ئەمریکا وە بە هۆی ئەوەوە کە هەست ناکەن کەوا دەنگی ئەوان دەتوانێ کاریگەری لەسەر گۆرینی وەزعەکە هەبێت، وە بەرانبەر بە هەڵبژاردن هەڵوێستێکی پاسیڤ دەگرن و دەنگ نادەن، بەڵام بە مانای ئەوە نیيە کە لە سیاسەت دوور دەکەونەوە. ئەمانە هەر ئەو رێژەیە لە خەڵکی ئەمریکان کە حەماسەی سیاتێل دەخوڵقێنن وە زیاتر لە یەك ملیون نەفەر لە یەك رۆژدا لە شاری نیویورك دژی شەر دێنە سەر شەقام. لەوانەش کە بەشدارییان کردووە دەزانین کە زیاتر لە سەدا چل یان دەنگیان بە بوش نەداوە.






دووهەم، رووداوی 11 سێپتامبر ترس و نیگەرانییەکی قورسی لە تێروریزمی ئیسلامی توندرەو لە ناو دڵی خەڵکی ئەمریکادا ناوەتەوە. کەم نین ئەو کەسانە لە ئەمریکا کە دەیانەوێ ئەو شەرە لە ولاتەکەی ئەوان دوور کەوێتەوە. لە شوێنێکیتر وە لەسەر حێسابی خەڵکێکیتر بکرێ. ستراتێژی "شەری پێشگیرانە"ی بوش ئەو خاتر جەمیە بە بیر و رایٚ گشتی دەدا کە شەرەکە لە گەڵ

تێروریزم لە ولاتەکەی ئەوان دوور دەخاتەوە. رەقیبەکەی بوش سیاسەتێکی جیاواز و روونی لەبەرامبەر ستراتێژی تیمی نێئولیبرالەکان دا فورمولە نەکرد. خەلکی ئەمریکا لە قسەکانی (( john Kerry ))هەر ئەو سیاسەتەیان بەدی دەکرد کە بوش بەیانی دەکرد بەو جیاوازی‌یەوە کە ئیرادەی(Kerry)یان لاوازتر دەهاتە بەرچاو. وتەکانی بووش لەبەرێوەبردنی سیاسەتێك دا کە هەردوولا لەسەری کۆك بوون خاترجەمی زۆرتری بە دەنگ دەرانی نیگەران لە ئەمریکا دەبەخشی. جیاوازی زۆر کەمی دوو کاندیداکە لە سیاسەتێك دا کە هەردوو لا وەکوو پرۆپاگەندەیەکی دەورەی هەلْبژاردن بەیانیان دەکرد، بوو بە هۆی بیّ تەفاوەتی بەشێکی زۆر لە بیر و رایّ گشتی ئەمریکا کە بیّ گومان دەیتوانی ئاکامی هەلْبژاردنەکە بگۆریّ.

سیهەم، لە بورای سیاسەتی ناوٚخۆیی‌یەوە بووش پێی لەسەر روحیەی مەزهەبی وە موحافێزەکاری چینی مام ناوەنجی لە کێشە کۆمەلایەتی‌یەکان دا گرت. دیموکراتەکان لە دەورانی دەسەلآتی خۆیان دا بە یاسایی کردنی "لەبار بردن"، بە هەلگرتنی نەریتی دوعا خوێندن لە مەدرەسەکان و کۆمەلێك سیاسەتی‌تر لەم بابەتە تا ئەو جێگایە هاتنە پێش کە بە یەکەوە ژیانی هاوجێنس بازەکانیش یاسایی بکەنەوە. لە بەرانبەر ئەوەدا بووش بە دانی روالەتێکی مەزهەبی بە سیاسەتەکانی ناوخۆیی، سەرنجی بەشێکی بەرچاو لە دەنگ دەرانی ئەمریکایی بەرەو لای خۆی راکێشا و بیّ گومان ئەوە هەنگاوێکی بەرەو دووا بوو لە چاو ئەو دەسکەوتە کۆمەلآیەتیانەی کە لە چەند دەیەی رابردوودا لە ئەمریکا بە دەست هاتبوون. بۆش بە هان دانی پاشماوەکانی کۆنەپەرستی لە ئەمریکا دژ بە کەش و هەوایەکی فیکری و فەرهەنگی کە زۆرتر لە ژێر کاریگەری فەرهەنگی ئەوروپا دایە، هەستێکی دواکەوتوانەی دژی ئەوروپایی کە لەناو بەشێك لە بیر و رایّ گشتی لە ئەمریکادا هەیە، جولاند.

بە هەمووی ئەوانەوە من لام وایە هەلْبژاردنەوەی بوش ئاوێنەی بالآنوێنی واقێعی کۆمەلگای ئەمریکا نی‌یە. هەلْبژاردنی لە چەشنی ئەوەی کە لە ئەمریکا بەرێوە دەچێت گەلێك بەرتەسك تر لە ئەوەیە کە لێکۆلینەوەیەکی کۆمەلْناسی هەمە لایەنەی لەسەر بینا بکریّ. قورسایی کۆمەلگای ئەمریکا لەوە زۆرتر بەلای چەپ دایە کە لە ئاکامەکانی ئەم هەلْبژاردنەدا دەردەکەویّ.

رزگار عومەر : - ئەمریکاو ئیسلامی سیاسی لە سەر حیسابی ئارامی و ئاسایشی دونیا خەریکی ماراسۆنێکی خوێناوین ، ئەگەر ئەو پێناسەیەی لینین مان قبول بیّ کە دەلیّ (( بۆرژوازی لە سەردەمی رووخانا ، دەقاتی سەردەمی دەسەلآت درەندەتر دەبیّ )) تۆ پێت وایە کام لەم دوو هێزە بە چاو پۆشین لە جیاوازیە ئەسلّیەکانی ناسنامەی هەریەکەیان و توانا لۆجستیەکانیان ، ئاسۆی سیاسی کامەیان لە رووخاندایە کە وایان لیّ دەکات هەردووکیان بە ئەندازەی یەکتر لەو ماراسۆنەدا خوێن برژێنن و درەندەتر لە هەموو مێژووی رابردوویان هەولّی مانەوەو سەرکەوتن بدەن ؟

ئیبراهیم عەلی زادە :- بە شێوەیەکی گشتی بلێم بە بروای من هەتا نیزامی سەرمایەداری ماوە بەشەریەت رووی ئاسایش و ئەمنیەتی واقێعی بە خۆیەوە نابینیّ. ئەزمەی ئابووری و ئەزمەی سیاسی بە شوێنی‌دا هاوژیانی نیزامی سەرمایەدارین و ئەو ئەزمانە سەرچاوەی شەر و نائەمنی و خوێن رشتنن. کە وایە ئینسانی سەردەمی ئێمە ئەگەر نەیەویّ تەسلیمی بیّ ئیرادەی ئەو چارەنووسە بیّ کە نیزامی سەرمایەداری بویّ دیاری دەکات، چارەیەکی نی‌یە جگە لەوەی کە خۆیّ لە چنگ ئەو نیزامە رزگار کات. بەلآم ئیستا ئێمە قسە لە کێشەیەکی کونکرێت تر دەکەین. قسە لە بزووتنەوەی ئیسلامی لەو ولاتانەیە کە موسولْمانەکان تێیدا دەژین و بەرژەوەندی‌یەکانی ئەمریکا دەباتە ژێر پرسیارەوە.

سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ئیسلامی ئاکامی بۆشاییەکە کە بە شوێن پاشەکشەی بزووتنەوەی کرێکاری و سوسیالیستی لەو وڵاتانەدا پەیدا بوو. لەم بۆشاییدا بوو کە سیاسەتەکانی ئامریکا لە ئاستی جیهان دا بە کردەوە رەوتی سەقامگیر بوونی ئەم بزوتنەوەیەی خێراتر کرد. ئەمریکا دوای کۆتایی هاتنی شەڕی سارد وەکوو براوەیەکی لە خۆبایی رەوتی گلوبالیزاسیونی لە ژیر سێبەری بازاری ئازادی نئولیبرالیدا بە خێرایەکی سەرسووڕ هێنەر پەرە پێدا بە بێ ئەوەی ئاکامەکانی لە سەر ژیانی چین و تۆیژەکانی ژێردەست و هەژار لە ولاتانی پێنەگەیشتووی دونیا لە بەر چاو بگرێ. ئەوە لە باری ئابوریەوە، لە بواری سیاسیشەوە هێشتنەوەی کێشەی فەلەستین وەکوو ئێسقانیکی ناو برین، لەشکرکێشی بۆ رۆژهەلأتی ناوەراست و هێزنواندن لەو ناوچەیە، کەم کردنەوەی دەوری ریکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان کە لە دەورەی شەری سارد دا هاوسەنگیەکەی دەپاراست، پشتیوانی کردن لە دەوڵەتانی گەندەڵ، ئەمانە هەمووی دەستیان دا دەست یەك و زەمینەی سەر هەڵدانەوەی بزووتنەوەی ئیسلامیان خۆش کرد. بەلاّم ئەو بزووتنەوەیە ناکۆکییەکی جەوهەری لە گەڵ سیستەمی سەرمایەداری و لە گەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکادا نییە و گەلێك دەرگا بۆ سازان لە گەڵ یەکتر بەرەو رووی هەردوو لایان کراوەیە. سەرنجتان بۆ چەند نمونەی سیاسی لەم بابەتەوە رادەکێشم:

– بزووتنەوەی ئیسلامی لە ئەفغانستان بە "بن لادەن"یشەوە لە ژێر باڵی سیاسەت و یارمەتییەکانی ئەمریکادا پەروەردە بوو و پەرەی سەند.

– هەر ئیستا ئەو توند و تیژییەی کە ئەمریکا لە هێندێك شوێنی دونیا لە دژی حەرەکەتی ئیسلامی توندڕەو دەینوێنی لە کێشەی چیچێن دا لە خۆیٚ نیشان نادات.

– دەولەتی ئەمریکا توانی بەرژەوەندی خۆی لە گەڵ بەرژەوەندی "ئەنجومەنی بالأی شورشی ئیسلامی لە عێراق" کە رێکخراوێکی شیعەی توندڕەو بوو یەك بخات و ئیستا دەتوانی لە گەڵ توندڕەوییەکانی موقتەدا سەدریش خۆیٚ بگونجینیٚ.

– هەر ئیستا خەریکی وتووێژی ژێر بە ژێرە بۆ رازی کردنی ئەو بەشە لە سونییەکانی عێراقن کە بەرانبەر بە ئەمریکا موقاومەت دەکەن وە هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی کە رێگایان پیٚ بدریٚ کە لە دەسەلأتی داهاتوی عێراق دا بەشدار بن.

دیاره



نموونە لەم بابەتەوە گەلێك زۆرن کە وایە کیشەی ئەمانە کیشەیەکی مان و نەمان نیە، بزووتنەوەی ئیسلامی بۆ سەرمایەداری رۆژئاوا سەرئەنجام قابیلی کۆنترول کردنە. هەڵبەت ئێمە قسە لە "بزووتنەوە" دەکەین نەك کاری تێروریستی و زیادەرۆیی تاك و تراك و لێرە و لەویٚ کە هەمیشە دەتوانیٚ هەبیٚ.

ئەوەی کە لەم پەیوەندییەدا گرینگە ئەوەیە کە نە حەرەکەی ئیسلامی لە ولأتانی مۆسوڵمان نشین دا وە نە ستراتێژی ئەمریکا لەو ولاتانە، هیچ کامیان بەدیلێکی ئابووریيان بۆ گۆڕانکاریەکی جێدی لە ژیانی خەڵکی هەژار و زەحمەتکێشی ئەو ولاتانە نییە. لەم بابەتەوە تەنیا ئەڵتەرناتیڤێکی ئابووری کە لە بەردەست دایە هەر ریٚ نوێنییەکانی ناوەندە ماڵیەکانی جیهانین کە هەمومان ئاکامەکانی لە ئەمریکای لاتین و لە ئاسیای غەیرە مۆسوڵمان دا بە روونی دەبینین.

ئەو کێشەیە تا ئەو کاتەی کە بەدیلی سێهەم شکڵ دەگرێ دەتوانێ درێژەی هەبێ. بەدیلی سێهەم ئاسۆی سۆسیالیستی‌یە، ئەو ئاسۆیەیە کە گۆمەڵگای بەشەری لە هەموو مەینەتی‌یەکانی نیزامی سەرمایەداری رزگار دەکات.

**ڕزگار عومەر** :- هەڵبژاردن لە عێراقدا تەواو بوو ، ئاکامی ئەم هەڵبژاردنە چۆن ئەبینی ؟ پێت وا نیە ئەم ڕووداوە زیاتر تەقینەوەی تەناقوزاتەکان تەئجیل دەکا لە جیاتی ئەوەی حەلیان بکا ؟ لە باوەڕەی کە ئیسلامی سیاسی لە عێراقدا هەنگاوێک و دووان لەم پرۆسەیەدا چووبێتە پێشەوە ؟ ئەگەر وا نییە تۆ چۆن بارودۆخی دوای هەڵبژاردن و ئاکامەکانی لێک دەدەیتەوە ؟



**ئیبراهیم عەلیزادە** :- هەڵبژاردنی ئەم دووایانە لە عیراق لە باشترین حالەتی خۆیدا هیچ شتێکی نەگۆری، بەڵکو جارێکی دیکە هەر ئەو واقێعیەتەی کە هەیە، دەست نیشانی کردەوە. دەنگ دان بە لیستی "سوننە" و "شیعە" و "کورد" هەر ئەو کارەی کرد کە تۆ دەتوانی لە هەر پەرتوکێکی جوغرافیای سیاسی‌دا ببینی‌یەوە. هەڵبژاردن نە واقێعیەتی موقاوەمەتێك کە ئێستا لە بەشێك لە عێراق دا لە بەرانبەر ئامریکا دەکرێ گۆری، نە تەکلیفی عێراقی وەکوو ولاتێك کە لە لایەن ئەمریکا و هاوپەیمانانی‌یەوە داگیر کراوە، روون کردەوە. ئەو حیزبە سیاسی‌یانەی کە وەکوو نوێنەری ئەم سێ بەشەی کۆمەڵگای عێراق قسە دەکەن، پێش هەڵبژاردنیش دەوری خۆیان هەر بە ئەوەندە دانابوو کە لە هەڵبژاردن دا دیترا. بۆیە بە بڕوای من هەڵبژاردن ئاڵ و گۆڕێکی لە جێگا و شوێنی هێزەکانی واقێعی سەر گۆڕەپانی عێراق دا پێك نەهێناوە و تا ئیستا هەر لایەنە هەر لەو جێگایە دەبێ کە پێشتر بوو. لە ناوەرۆکیش دا دەزانین ئەم رووداوە لە رووی شکل و شیوازی بەرێوە چوونیەوە پەیوەندی‌یەکی بە تەمرینی دیموکراسی‌یەوە نەبوو. ئەمریکایەکان نایشارنەوە کە بۆ ولاتێکی وەکوو عێراق هەر ئەوەندە لە "دیموکراسی" جارێ بە کاڤ دەزانن.

بە نیسبەت "ئیسلامی سیاسی"وە لە عیراق، پێویستە هێندێك لە سەر دەوری کۆماری ئیسلامی ئێران وورد بینەوە.



بە بڕوای من یەکێك لە دەسکەوتەکانی یەك دوو سالی رابوردوو لە عێراق بۆ ئەمریکا ئەوەیە کە هاوپەیمانی‌یەکی لەناو بەرەی مۆسوڵمان دا دیتوەتەوە، لە هەمان کات دا کە نفوزێکی جەماوەریشی هەیە، بەرژەوەندی‌یە باڵاکانی ئەمریکاش ناخاتە مەترسی‌یەوە. ئەمریکا هەوڵ دەدات لە ئەزمونی عێراق کەڵك وەربگرێ و رێگایەك بۆ ئاشت بونەوە لە گەڵ رەوتێکی میانەرەوی ئیسلامی کە بتوانێ توندرەوی‌یەکانی حەرەکەی ئیسلامی دابمرکێنێتەوە، بدۆزێتەوە. هەڵبەت ئاشکرایە کە کۆماری ئیسلامی ئێران لە ناو رەوتی شیعە و ریکخراوە سیاسیەکانی‌دا نفوزێکی دیاری کراوی هەیە. بەڵام ئەمریکا هەوڵ دەدات لەو نفوزە بۆ بەرەو پێش بردنی سیاسەتەکانی خۆی لە عێراق کەڵك

وەربگرێ. ئێران وڵاتێکی گرینگە، چ ئەوکات کە دەوڵەتێکی پڕۆئامریکا حکومەتی تێیدا دەکرد وە چ دوای هاتنە سەرکاری حکومەتی ئیسلامی، کاریگەری لە سەر رەوتی سیاسەت لە رۆژهەلاتی ناوەراست دا حاشاهەڵنەگر بۆە، بۆیە ئەمریکا بە کردەوە ئەم دەورە بە رەسمی دەناسێ و هەوڵ دەدەات لە گەڵ بەرژەوەندی باڵای خۆیدا بیگونجێنێ.

لە مەسەلەی رەوتی سیاسی ئیسلامی شیعە جیاواز لە نفوز و کاریگەری کۆماری ئیسلامی پیویستە تایبەتمەندی‌یەکی دیکەش لە بەر چاو بگرین. ئەویش مەیلێکی بە هێزی سیاسیە لە ناوی‌دا بۆ پاراستنی یەکیتی خاکی عێراق. ئەو مەیلە بە هێزە لە دوایین لێك دانەوەدا ئەوان بەرەو نزیك بوونەوە لە حیزبە موسوڵمانەکانی سوننە و تەنانەت لە ناسیونالیسەکانی عەرەبیش دەبات. ئەوەش بە مانای ئەوەیە کە بە نیسبەت ئەوانەوە هەتا دێت ئایدەلۆژی کاڵتر دەبێتەوە و مەیلی گەیشتن بە دەسەڵات و پاراستنی دەسەڵات پڕ رەنگتر.

**رزگار عومەر**:- کوردستان جۆرێك لە سەر بەخۆی و شەخسیەتی سیاسی خۆی هەبوو، لە دوای هەڵبژاردنەوە ئەم جوگرافیا سیاسیە، گۆڕا بۆ چەند کورسیەکی ئیداری لە عێراقێکی یەکگرتوودا، پێت وا نیە ئەمە سە رەتایەکە بۆ سڕینەوەی یەکجارەکی ئەم شەخسیەتە سیاسیە؟

**ئیبراهیم عەلی زادە** :- هەڵبژاردن ئەو شەخسیەتە سیاسی‌یەی نەگۆریوە، هەموو شتێك تاکو ئیستاش هەر وەکوو پێش هەڵبژاردن وایە. رەوتی سڕینەوەی ئەو شەخسیەتە سیاسی‌یە لەو کاتەوە دەستی پێ کرد کە ستراتێژی سیاسی لە کوردستان بە تەواوی بە بەرژەوەندی‌یەکان و ئەولەویەتی‌یەکانی ئەمریکاوە گرێ درا. بەڵام بەمەشەوە مادام ئەوڕۆ جەماوەری خەڵکی کوردستان لە مەیدانی خەباتی سیاسی ئازادیخوازانە و پێشکەوتن خوازانە نەکشێنەوە، هێشتا ئیمکانی قەرەبوو کردنەوەی رابوردوو هەر هەیە. چارەنووسی دەسەڵاتی سیاسی عێراق دوای هەڵبژاردنیش هەر وەکوو پێش هەڵبژاردن هەروا نادیارە ئەگەر چی بە داخەوە هیچ کام لە بەدیلەکان جێگەی هیوا نین.




کۆمەڵگای کوردستان هەروا لە بەرانبەر دوو بەدیلی واقێعی دایە: رەزایەت دان بە فیدرالیسمێکی سەر و گوێ بڕاو، کەم دەسەلات و فورماڵ، کە دەتوانێ لە ئاکامی چاوەڕوانی و بێ تەفاوەتی سیاسی جەماوەردا بێتە کایەوە. مانەوە لە چوارچێوەی عێراق دا بە بێ ئیمتیاز دان بە جەریانی ئیسلامی و بە شۆڤینیزمی عەرەب، (ناوی حکومەتی فیدرال بێ یان هەر شتیکی تر)، بە بێ ئیمتیاز دان بە دەوڵەتی تورکیا و ئیران، پێ دا گرتن لە سەر ماڧ دیاریکردنی چارەنووس بۆ جیابونەوە و پێك هینانی دەوڵەتی سەربەخۆ لە رێگای ریفراندۆمێکی ئازاد و لە کاتی خۆی دا. وەها ستراتێژیك  بە بێ کەوتنە گەڕی هێزی خەباتی جەماوەری و بە بێ رێبەرایەتی‌یەکی سیاسی راستگۆ و جێگای باوەڕ و هەڵقولاوی ناخی ئاوات و ئارەزوکانی جەماوەر  ناچێتە پیش.  ئەگەر رژیمێکی دژ بە ئازادی، دژ بە مافە سەرەتای‌یەکانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکیش،  لە بەغدا دابمەزرێ، ئەوا رێگای واقع بینانەتر و کەم زیان تر   بۆ خەڵکی کوردستان، پێك هێنانی دەوڵەتێکی سەر بەخۆیە کە  ئەو خەڵکە ئامادە بن خەباتی بۆ بکەن و بی پارێزن.

**رزگار عومەر** :- من پێم وایە دوای حازرکردنی سوپای تازەی عێراق، یان هێنانی سوپای فرە نەتە وەکان UNبۆ عێراق، ئەمریکا ئەو هەلەی بۆ دروست دەبێ کە بتوانێ شەڕێکی تر بەرپا بکا لە ناوچەکە، کەزیاتر لێکدانەوە سیاسیەکان

شەڕ لە گەڵ حکومەتی ئێران بە گەورەترین ئیحتیمالی دائەنێن، وای بۆ دەچم کە تۆ موخالیفی ئەو بۆچوونە بی، بە هەردوو باردا بە موخالیف یان موافیق لام گرنگە بۆچوونی بەڕێزت بە خوێنەران بگات؟

ئیبراهیم عەلیزادە :- پێشتر باسی جێگا و شوینی شەڕ لە سیاسەتی ئەمریکامان کرد. دەوڵەتی ئەمریکا ئەگەر بزانێ ئەوەی کە دەیهەوێ و دەتوانێ بە دەستی بێنێ بە خستنە ڕێی شەڕێکی دیاریکراو ناکرێ، مادام لە سەرکەوتنی خۆی دڵنیا بێ، ئەو شەرە دەکات. بەڵام لە بەر چەندین هۆ پەلاماری بەربلاو بۆ سەر ئێران بە مانای دووپات بونەوەی سیناریوی عیراق لە دەستوری کاری دەوڵەتی ئەمریکادا نیە. پەلاماری مەحدودیش بە مانای وەشاندنی زەربەیەك بە مەبەستی ترساندن و ئیمتیاز وەرگرتن، ئەگەر چی بە تەواوی رەت ناکرێتەوە بەڵام ئەگەری ڕوودانی ئەو حالەتەش هەر کەمە.

دژایەتی ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی بە قەدەر هەموو تەمەنی رژیمی ئیسلامی لە ئێرانە. ئەمرۆکە نەك هەر پەیوەندیان لە چاو رابوردوو شلەژاوتر نیيە، بگرە سەرەڕای هەرا و هۆریای تەبلیغاتی زەمینەکانی هێور کردنەوەی پەیوەندیيەکانیان زۆرتر لە جاران ڕەخساوە. بەردەوام لە نیوانیان دا ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆ گفتوگۆ هەیە. لە زمانی یەکتر حاڵین و گیرو گرفتەکانی یەکتر بۆ ئاشت بوونەوە دەرك دەکەن. پرسیار ئەوەی کاتێك کە کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ دەوڵەتی ئەمریکا ئیتر ئامرازی گەمەیەکی جیهانی نیيە و ئەوەی کە ئامریکا لە ئاستی جیهانیدا مەبەستی بوو بە شەڕی ئەفغانستان و عێراق بەدەست هاتووە و تەنگەژەکانیشی دەرکەوتووە، کاتێك ئەوەی کە ئامریکا لە ئێران بە شوینیەوەیەتی بە بێ شەڕ و لە رێگای ووتوویژەوە بە دەست دێت، بۆ چی ئەبێ پێ بنێتە ناو شەڕێکی بە چەند قات دژوارتر لە شەڕی عێراق کە هەر ئێستا بە سەر دەستیەوە ماوەتەوە.




ئایا بۆ دەوڵەتی ئامریکا پیش بینی ئەوەی کە کاری وڵاتێکی وەکوو ئێران بە ئاسانی لە ڕێگای شەڕەوە یەك لایی ناکرێتەوە، دژوارە؟

لە بیرمان نەچێ کە ئەگەر دەوڵەتانی رۆژئاوا و لە سەرووی هەمووانەوە ئەمریکا، رۆژگارێك لە کۆماری ئیسلامی وەکوو لەمپەرێك بەرانبەر بە نفوزی یەکیتی سوڤیەت کەڵکیان وەردەگرت و هەر بەو مەبەستە ئاسانکاریيان کرد بۆ ئەوەی حکومەتێکی ئیسلامی لە ئیران بێتە سەرکار، لە هەل و مەرجی ئێستای رۆژهەلاتی ناوەراستیش دا کۆماری ئیسلامی دەتوانێ تواناییەکانی خۆی وەکوو رژیمێکی ئیسلامی بۆ پێك هێنانی هاوسەنگیيەکی باشتر بە قازانجی رۆژئاوا بە کار بینێ. دەوری کۆماری ئیسلامی ئێران هەم لە ئەفغانستان و هەم لە عێراق تاکو ئێستا بە کردەوە بە قازانجی سیاسەتەکانی ئامریکا بووە. کێ دەلێ لە داهاتوش دا نفوز و دەسەڵاتی خۆی هەر بەو ئاراستەیەدا بە کار ناهینێ. بە بروای من ئەوەیە رازی سەر بە مۆری ئەو خاتر جەمیەی کە کەسیکی پراگماتیستی وەکوو رەفسەنجانی بەرانبەر بە هەڕەشەکانی ئامریکا هەیەتی.

لێدان لە دامەزراوە ئەتومیيەکانی ئێران وەکوو کردەوەیەکی نیزامی موحەدەدیش کارێکی ئاسان نیيە و بە هیچ شێوەیەك لە گەڵ ئەو هێرشەی کە لە سەرەتای دەیەی 80 ئیسرائیل بۆ سەر پرۆژەکانی ئەتومی عێراق هێنای بەراوەرد ناکرێ. لە بەر دوو هۆی گرینگ: یەکەم، ئەو دامەزراوانە لە رووی فەننیيەوە گەیشتونەتە قۆناغێك کە ئەگەر بۆمباران بکرێن کارەساتێکی گەورەی ئینسانیيان لێ دەکەوێتەوە و ئاکامەکانی بلاوبوونەوەی مەوادی رادیو ئەکتیف لە کەنارەکانی کەنداودا قابێلی پێش بینی نیيە. دووەم، کۆماری ئیسلامی ئێران ئامرازگەلێکی بەدەستەوەیە کە دەتوانێ لە دژە کردەوەیەکی چاوەڕوان کراودا زیان بە بەرژەوەندیيەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل لە ناوچەکەدا بگەیێنێ .شەڕ پەرە بستێنی و لە کۆنترۆل دەربچێ. ئەمرۆکە بۆ ئەمریکا ریسك کردن لەم چەشنە پیویست نیە.

رزگار عومەر:- گریمان ڕووداوەکانی ئاینده بەو ڕێڕەوە ڕۆیشت ، کە ڕووخانی جمهوری ئیسلامی ئێران بە دوای خۆیدا ڕابکێشێ ، جێ و شوێنی حیزبی ئێوە چۆن ئەبێ ؟ پێت وایە چینی کرێکاری ئێران بە دەوری ئەڵتەرناتیڤی ئێوە دێ ؟ لە باری تیئۆریەوە نا ، لە باری عەمەلیەوە چەندە مومکینە دامەزراندنی سۆشیالیزم لە یەك وولاتدا لە ئەمڕۆی دونیادا ، بۆ نموونە لە ئێراندا؟

ئیبراهیم عەلیزادە ::- چۆنیەتی ڕووخانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لە ئێران تا رادەیەکی زۆر ئەوەش دیاری دەکات کە چی دێتە جێگای؟ بۆ نموونە هەرگیز ناتوانین چاوەڕێی ئەوە بین کە رژیمی ئیسلامی لە ئێران لە ئاکامی دەخالەتی ئەمریکادا بڕووخێ، بەڵام ڕەوتێکی ڕادیکاڵ و کرێکاری و سوسیالیست بە دەسەلات بگەیەنێ. نەك هەر ئەوە بەڵکو ئاواتی کۆمەڵگای ئێران بۆ دیموکراسی کە لە سەد سالی رابوردودا لانی کەم سێ جار شورشی بۆ بەر پا کردوە، بە دی ناهینێ.



ڕەوتی ڕوخانی ڕژێم لە ئاکامی خەباتی جەماوەریدا، لە هەمان کات دا ڕەوتی گەلاڵە بوونی جێنشینەکەشیەتی. چینی کرێکار کە پێی دەنێتە ناو جەرگەی خەباتی کۆمەلایەتی وسیاسیەوە و بەرە بەرە کە لە دەسەلات نزیك دەبێتەوە، لە هەمان کات خۆشی وەکوو چینێك بۆ بە دەستەوە گرتنی دەسەلات ڕێك دەخات. دەورەی شورش دەورەی روخانی دەسەلاتی کۆن و گەلاڵە بوونی دەسەلاتی نوێیە.

ئەگەر ڕەوتی شۆڕشگێر وسۆشیالیست و پشت ئەستور بە هێزی چینی کرێکار و پشتیوانی خەلکی ئازادیخواز، خۆی وەکوو هێزیکی بە نفوزی کۆمەلایەتی ڕێکخست، ئەگەر خۆی ستراتێژی روون و ئاسۆی روونی بۆ دووارۆژ هەبوو، لەم حالەتەدا دەتوانێ لە ناکوکێ ناو بەرەی بۆرژوازی جیهانیش کەلك وەرگرێ و مانۆڕی پێویست بدات. بەلام ئەگەر وەها هێزیکی نەبوو و چووە ناو بازنەی کێشەمەکێشەکانی بەرەی بورژوازیەوە ئەوا دەبێتە دەسکایەی ئەوان، ئیتر ئەوە ئەوانن کە وەکوو ئامرازێك بۆ مەبەستەکانی خۆیان بەکار دێنن، هەر ناوێکی لە سەر بێ ئەو واقعیەتە ناگۆڕێ.

کەلك وەرگرتن لە کێشەکانی ناوخۆی بۆرژوازی، نموونەی عێراق و ئەمریکا، یان ئێران و ئامریکا نە دەتوانی لەسەر ئەساسی خۆش باوەڕی و تەوەهوم ودلّ خۆش کردن بە نیازپاکی ئەوان بینا بکرێ و نە دەتوانی حیساب لە سەر زیرەکی ئێمە و ئیمکانی فریو خواردنی ئەوان بکات.

لە دیپلۆماسی ئەمرۆییدا لایەنەکان بە کارتی لەروو کایە دەکەن و دەستی یەکتر دەخوێننەوە، کە وابێ رێك کەوتن ومانۆر و کەلك وەرگرتن لە ناکۆکیەکان تەنیا دەتوانێ لە سەر بناغەی هێزی واقێعی دابمەزرێ. هێزی ئێمەش لە ووشیاری و لە رێکخراو بوونی خەلکی کرێکار و زەحمەتکێش و ستەم لێکراو دایە. هەر کات ئێمە توانیمان ئەو هێزە لە دەوری رێباز و ستراتێژی خۆمان کۆ بکەینەوە، ئەوا دەتوانین پێ بنێینە ناو یانەی ئەو هێزانەی کە خۆیان بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەلات لە ئێران ئامادە دەکەن و لەوێ بەقەدەر هێز و توانای سیاسی و چینایەتیمان لە شکلّ پێدان بە دەسەلاتی داهاتوی ئێران دا دەور ببینین.

له كێشەی نێوان ئەمریكا و كۆماری ئیسلامی‌دا ئەگەر هات و وەها دەخاڵەتێك بە پێچەوانەی لێكدانەوەكەی ئێمە بوو بە ئەمری واقیع، ئەوا دیارە كە بێ گۆمان لە هیچ هەڵ و مەرجێك دا ئێمە لەو كێشەیەدا ناچینە بەرەی ڕژێمی كۆماری ئیسلامی‌یەوە، بەڵكو ئێمەش بە ڕیزی سەربەخۆی خۆمان و بە ستراتیژ و ئاسۆی ڕاگەیاندراوی خۆمانەوە، سەنگەری خۆمان و شێوەی خەباتی خۆمان دیاری دەكەین و هەوڵ دەدەین لە ڕەنج و ئازارەكانی خەڵكی هەژار و ستەم لێكراو وە لە لایەنەكانی زیانباری ئەو جەریانە ئەوەندەی كە لە توانامان دا بێ، كەم كەینەوە.

بەلاّم وەلاّمی پرسیاری سۆشیالیزم لە ولاّتێكی وەكوو ئێران پێویستی بە لێكولینەوە و باسی دوور و درێژ و وردتر هەیە، كە دەتوانین دایبنێین بۆ مەجالێكی‌تر. ئەوەندەی كە لە چوارچێوەی ئەو پرسیار و وەلاّمەی ئیستامان دا دەگونجێ دەتوانم ئاماژە بە چەند نوكتەیەك بكەم كە پەیوەندی هەیە بە تێگەیشتنی ئێمە لە سۆشیالیزم:

یەكەم، حكومەتی كرێكاری (یانی كرێكارانی ڕێكخراو وەكوو چینێكی دەسەلاّت دار لە مێكانیزمێكی شوورایی جەماوەری‌دا) دەتوانێ بەرهەمی دەورەیەكی شورشگێڕانە بێ، دەتوانی گەلێك خێرا، لە ماوەی سالێك، دوو ساڵ، كەمتر یا زیاتردا شكڵ بگرێ و دابمەزرێ و دەوامیش بێنێ. كەسێك كە لای وابێ نزیكەی 20 ملیون چینی كرێكار لە ئێران توانای حكومەت كردنیان نی‌یە چۆن دەتوانی وەلاّمی ئەمە بداتەوە كە بۆچی چەند سەد هەزار مەلا لە ئەوپەری بێ ئەزموونی و ناشارەزایی‌دا توانی‌یان لە ئێران دەسەلاّت بە دەستەوە بگرن و زۆربەیان ببن بە دیپلومات و بەرێوەبەر و ئابووری زان و تەنانەت بە كار هێنەری سیستەمەكانی پێشكەوتووی كامپیوتێری، بەلاّم چەند ملیۆن كرێكار كە دەستیان لە پێشكەوتووترین بەرهەمی زەمانە دایە و چەرخی ژیانی كۆمەلگا لە سەر شانی ئەوان دەگەرێ نەتوانن خۆیان وەكوو حكومەت ڕێك بخەن؟

دووهەم، بەلاّم سۆشیالیزم وەكوو نیزامێكی ئابووری و كۆمەلاّیەتی نوێ مەسەلەیەكی جیاوازە، ئەو نیزامە تەنیا دەتوانێ هەنگاو بە هەنگاو و وردە وردە دابمەزرێ. ئابووری سۆشیالیستی بریتی نی‌یە لە دابەش كردنی هەژاری بە یەكسان بە سەر هەموو خەڵكی ولاّتێك دا، بەڵكوو بریتی‌یە لە نیزامێك كە ئیمكاناتی ریفاه و خۆشگوزەرانی بە یەكسان بۆ هەمووان دابین دەكات وە ئەوە بە بێ بەرهەم هێنانی بە لێشاو دابین نابێ.

حكومەتی كرێكاری ڕێگای گەشەی ئابووری ئەو ولاتە دیاری دەكات و بە پێی بەرنامەیەكی دیاریكراو هەنگاو بە هەنگاو بەرەو پێشی دەبات. ڕێگای گەشەی ئابووری ولاّت دەدۆزێتەوە، پێشرەوی دەكات، بەلاّم حیسابی هاوسەنگی هێز لە هەر قۆناغێك دا لە دەستی دایە و فەنی سازش و پاشەكشەش دەزانێ. بە دەرەجەی یەكەم لە سەر پشتیوانی و هاوپشتی هاوچینەكانی لە شوێنەكانی‌تری دونیا بۆ پوچەل كردنەوەی پیلانەكانی نەیارانی لە دونیای سەرمایەداری‌دا حیساب دەكات، بەلاّم ڕێگای دیپلوماسی و گفتوگۆ و سەقامگیر كردنی دەسكەوتەكانیشی دەزانێ و فێری دەبێ.

سێهەم، ڕادەی گەشە كردنی ئابووری سەرمایەداری ئێران، دەوڵەمەند بوونی سەرچاوە سروشتی‌یەكانی، بە تەواوی لە رووی ئابووری‌یەوە ئیمكانی هەنگاونان بەرەو سۆشیالیزمی لەم ولاّتەدا فەراهەم كردووە. چینی كرێكاریش بە ژمارە و بە دەورێك كە لە بەرهەم هێنان و لە خزمەتگوزاری گشتی‌دا هەیەتی شایستەگی ئەوەی بەكردەوە هەیە كە ئەم دەورە لە ئەستۆ بگرێ.

چوارەم، دیارە ئیستا ڕیزەکانی ئەو چینە پرژوبلاوە و ڕێبەرایەتی سیاسی خۆی شکل پێ نەداوە، بەلام لە گەڵ قووڵ بونەوەی ئەزمەی سیاسی لە ئێران ودەست پێ کردنی دەورەیەکی شۆڕشگێڕانە ئەم کەم و کوریانە دەتوانن بە خێرایی چارە سەر بن. ئێمە وەکوو ڕێکخراوێك یان بلێین وەکوو ڕەوتێکی دیاری کراو بەرە بەرە خەریکین خۆمان بۆ وەها دەورەیەك لە هەموو بابەتێکەوە ئامادە دەکەین. سەر و دڵ خوشین و هیوامان بە داهاتوو بە هێزە.

پێنجەم، ئاواتی سۆشیالیزم لە ئێران ئارەزویەکی دوورە دەست و خەیاڵاوی نییە. بۆرژوازی ئێران هیچ پلانێکی بۆ گەشە پێدانی ئابوری ئەو وڵاتە پێ نیە. ڕێنوێنییەکانی بانکی جیهانی هەر چی بوو تاقی کرانەوە و ئاکامەکانی غەیری هەژاری بەربلاوتر، کەلێنی چینایەتی قووڵتر، وێرانتر کردنی زۆرتری ژینگە، ئەزمەی ئابوری و ئاسەوارەکانی ماڵ وێرانکەری، بە شوێنەوە نەبوو. بۆیە ئێمە دڵنیاین لەوەی کە حکومەتی کرێکاری بە پلانی ئابوری ڕۆشنەوە دەست دەبات بۆ حەریمی "پیرۆزی" خاوانداریەتی ئامرازەکانی بەرهەم هینان و بناغەکانی مادی و کۆمەڵایەتی ئاڵوگۆری سۆشیالیستی دادەمەزرینێ.

**ڕزگار عومەر** :- هاوڕێ ئیبراهیم ی بەرێز ، من بە ناوی سایتی دەنگەکان سوپاسێکی زۆری تۆ دەکەم کە ئەم بوارەت ڕەخساند کە ئێمەو خوێنەران بە بۆچوونەکانی تۆ ئاشنا بین ، من پرسیارەکانم تەواو بووە ، ئەگەر بەرێزت هەر ئیزافەیەکەت هەیە ، یان حەز بکەی دووا ووتەت بە خوێنەرانی سایتی دەنگەکان بگەینی .

**ئیبراهیم عەلی زادە** :- سوپاس بۆ ئیوە، بە هیوای سلامەتی و سەرکەوتنتانم